# پانۆرامای هەواڵ

## دیدارەکانی وەزیری مافی مرۆڤ

## بە زۆر ناردنەوەی پەناهەندە کوردەکان پێشێلکاری مافی مرۆڤە....

### راگەیاندنی وەزارەت:

سەبارەت بەرەوشی پەنابەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانیان و هەندێ مەسەلەی هەنوکەیی دوای نیوەڕۆی ئەمرۆ ٢٠/٢/٢٠٠٨ د.شوان محەممەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە خاتو (بیتا هەمەرگرین) رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی (سڤنسکا داخ بلادیت)ی سویدی کرد.

لە میانی ئەم گفتوگۆ رۆژنامەنووسیە وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی ئەوەی کردەوە کە هیچ رێککەوتننامەیەک لە نێوانی حکومەتی هەرێم و وڵاتانی دیکە نیە بۆ ناردنەوی پەنابەرانی کورد بە زۆرەملێ و ئاماژەشی بە ژیانی پەناهەندە کوردەکاندا بەتایبەت ئەوانەی تا ئێستاکە مافی پەنابەرێتیان لەم وڵاتانە وەرنەگرتووە و بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانیش پێدەچێ ژیان و گوزەرانیان روو لە خراپی بێت...

لەبەرامبەردا و لە پرسیارێکی رۆژنامەنووس (بیتا هەمەرگرین)دا کە گوایە ئێستاکە هەوڵەکان لە ناردان بەزۆری ئەم پەنابەرانە بنێردرێنەوە لە وەڵامدا **د.شوان محەممەد عزیز** رایگەیاند:

ئێمە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بەزۆر هەناردنەوەی پەناهەندە کوردەکان نین، ئەمە پێشێلکارییەکی زەقی مافەکانی مرۆڤە، چونکە ئەمانە چەند ساڵێکە لەوێن و سیستەمی ژیانیان پێکهێناوە و ناکرێ جارێکیتر ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دەست پێبییکەنەوە کە ئەمەش مەحاڵە بتوانرێ.

لەتەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارە باس لە رەوشی ئەمرۆی مافی مرۆڤ لە کوردستان کرا بەتایبەت لە رووی مافەکانی ژنان و منداڵان و هەروەها رەوشی بەندیخانەکان.... لەم رووەوەش وەزیری مافی مرۆڤ بەدرێژی باسی کارو پرۆژەکانی وەزارەتی کرد لە پێناو کارکردنی بەردەوام بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پێشێلکاری و ناستەنگانەی کە دێتە ئەم رێگایەوە، و ئەم بەرنامەرێژییەش ئەنجامی چاکی لێکەوتۆتەوە....

شایانیباسە ئەم دیدارە سەعاتێکی خایاند.